# ئاواره

ساڵی سێهەم — گۆڤاری فەرهەنگی - کۆمەڵایەتی — ژمارە ٧




★ وتووێژ لەگەڵ کاک مستەفا شەلماشی سەرنووسەری ئاوارە

★ پێدا چوونەوەیەکی کورت بەسەر شێوەی ئەدەبیاتی کوردیدا

★ روونبوونەوەی جنایەتی بەرلین

★ نەتەوەکەمان بناسین

★ یادێک لە جووڵانەوەی دەرسیم

ئەنجومەنی فەرهەنگی کورد لە ئاڵمان

خوێنەری بەڕێز !

ئەوا ژمارە حەوتی گۆڤاری ئاوارەت بەدەست دەگا . هیواداریین جێگای سەرنج و ڕەزامەند یت بێ. بە هۆگریەوە تەماشای کەی و بیخوێنیەوە. لە کۆتاییدا بڕیار بدەی کە هەتا سەر هاوکار و خوێنەری ئەم گۆڤارە بی.

بەلام ڕاستیەکی تاڵ هەیە کە دەبێ بە ناچاری پێت ڕاگەینین و دەستی هاوکاریت لێ درێژ کەین. ئەویش ئەوەیە کە بەڕاستی بە بێ یارمەتی ئێوە ناتوانین درێژە بە بلاوکردنەوەی گۆڤارەکە بدەین. یا لانی کەم بە داخەوە مەجبور دەبین لە ناردنی گۆڤارەکە خۆ بپارێزین . ئەگەر خۆت ئابونەنەکەی و تا ژمارەی داهاتوو حەقی ئابونمانت بە ئێمە نەگا .

ئابونمانی گۆڤارەکەمان بۆ نێو خۆی هولەند ساڵی ٢٠ گلدین و بۆ دەرەوەی هولەند معادلی ٢٠ دۆلاری ئەمریکاییە. تکایە هەرچی زووتر بۆمان دە ژمارە حیسابی: ٣٢ ١٠ ٠٨ ٨٢٠ کە فیشی بانکی بەم ئادرەسە : K.C.V.A. POSTBUS 10278 1302 AE ALMERE HOLLAND بنێرە. بۆ خۆت دەزانی ئەوە تەنیا بەشی بەڕێ کردنەکەی دەکات. ئێمەش هەوڵ دەدین بە ئیمکاناتی کەمی خۆمان درێژە بە بلاوکردنەوەی بدەین .

سوپاس ـ بەڕێوەبەرانی گۆڤاری ئاوارە

---

من دەمهەوی بۆ گۆڤاری ئاوارە ئابونەی ساڵانە بم.

ناو :

ناو بانگ:

ئادرەس:

کۆدی پۆستی و شار :

وەڵات:

---

ئاوارە پێویستی بە هاوکاری ئێوە هەیە. هەرچی زوتر ئەو خشتەیە پڕ بکەوە و ئابونەی سالانە بە ژمارە حیسابی: RABO BANK.NR:321008820 بنێرە.

ئاوارە

گۆڤاری فەرهەنگی کۆمەلایەتی

ژمارە: ٧ لاپەری: ١

# سەروتار

به قەلەمی سەرنوسەر

لەچەند مانگی ڕابردوودا ، دیسان هەڵەیەکی مێژوویی لە مەیدانی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردستان دا دووپات کرایەوە. دڵی دایکی رۆڵەی کورد بریندا بوو ، دوژمنانی سوێند خواردومان شاد بون. شەریکی بی مانا ، کە هەمو بەشدارانی هەم بێ تاوان بون و هەم خەتابار.

شەری براکوژی لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان . پ.ک.ک. لە لایەك و بەرەی کوردستانی ( لە تەنیا گۆشەی ڕزگارکراوی کوردستان ) لە لایەکی ترەوە ، لە پێش هەمو شتێك دا سەرکەوتنی پیلانێکی تازەی دوژمنانی کورد بوو.

ئاوردانەوەیەك لە مێژووی کوردستانی داگیرکراو بۆمان دەردەخا کە هەرکاتێك ، تروسکەیەکی ڕوناکی لە ئاسۆی کوردستان دەرکەوتووە ، ناحەزان وەجم و جوڵ کەوتون و دەیان گەڵاڵەی تێك دەرانەیان دارشتوەوە. هەر لە پیلانی نیزامیەوە بگرە ، هەتا گەمارۆی ئابوری و هەتا هێرشی دیپلۆماتیك و هەتا شەری رەوانی هەمویان تاقی کردوتەوە. تا ئێستا کوردستان چ لە باکور و چ لە باشور ، چ لە رۆژهەلات و چ لە رۆژئاواوە بە دەیان جار ، بە سەدان لەم جۆرە پیلانانە گەمارۆدراوە. بە هەزاران رۆڵەی هەڵکەوتوی لێ شەهید کراوە ، یا زیندانی و ئەشکەنجە دراوە ، بەکۆمەڵ منداڵ و پیر و لاوی لە نێو گازی شیمیایی دا خنکاوە ، بەلام کۆڵی نەداوە و خەباتی درێژە داوە. هەمو پیلانەکانی دوژمن تێك شکاون و بێ ئەنجام ماون ، تەنیا یەك پیلان کە بێشك خەتای سەرەکی دێتەوە سەر خۆمان ، گەورەترین سەرکەوتنی بۆ دوژمنانی بە دەستەوە داوە و ، گەورەترین زەربەی لە جولانەوەی رزگاریخواری گەلی کورد داوە پیلانی هەلایساندنی شەری براکوژی ، درێژە دان و پەرە پێدانی دووبەرەکی لە نێوان ریزەکانی گەلی کورد دا .

تەماشای شەرەفنامە بکە ، کە کوردیکی واقیع بین لە سەر کوردستانی نوسیوە ، زیاتر لە چوار سەد ساڵ لەمەوبەر ، بزانە ئەگەر دووبەرەکی نێو خۆی کوردەکان لێ گەڕابان ، هەر ئەوکاتی کورد دەوڵەت نەدەبو ! باباناکان لە گەڵ ئەوەی بە فەرهەنگترین ئیمارەتی کورد بون ، بۆچی نەیان توانی بینە بناغەی حکومەتی دا هاتوی کوردستان ؟ ، چونکە بە شێکیان سەر بە عوسمانی بون و بە شێك سەر بە ئێران ! حکومەتی سۆران (رەواندز) بوچی لە نیو چو ؟ ، لە بەر ئەوەی هینێدێك کورد سەر بە عوسمانی بون و خەیانەتیان پێ کرد. جا پێدا وەرە و بروانە هەتا شیخ سەعید ، جولانەوەی شیخ مەحمود ، کۆماری خودمو ختار لە کوردستانی باکور ، جولانەوەی ( ٦١ــ٧٥ ) لە کوردستانی باشور و ئاشبەتاڵی دلتەزێنی ٧٥ ، جولانەوەی تازەی کوردستانی باکور و بە کورتی جولانەوەی کوردستان بەگشتی مۆری ئەم دیاردە ناڕەوایە بە شکستەکانیەوە دیارە.

گەلی کورد لە گەڵ تەواوی ئەوخاڵە باشانەی لە نێو خوورەوشتی دا هەیە ، یەك خووی زۆر خراپی هەیەکە بەڕاستی ئەگەر تەرکی نەکا ، ڕزگاری بە خۆیەوە نابینێ. ئەویش خۆیی بەکەم گرتن و



ریبەندانی ٢٦٩٢ کوردی

بێگانە بە زۆر دانانە. با هەمومان بڕێك بیر لە هەڵوێستەکانمان بکەینەوە. بە ویژدانەوە قەزاوەت بکەین، جا بزانین چۆن هەر یەکەمان بە شێوەیەك بێگانەمان بەسەر برای خۆمان دا فەرز داوە. ئەگەر عەشیرەت بو بین حازر بوین نوکەرایەتی قولە ژاندارمەیەکی بێگانە بکەین کە کەس نەسڵ و نەسەبی نەزانیوە، بۆ ئەوەی دژی برایەکی خۆمان راوەستین کە پێمان وا بووە لە خۆمان کەمترە. ئەگەر خوێندەوار بوین قسە و پەندەکانی نوسەرانی بێگانەمان هەمیشە بە بەڵگە هێناوەتەوە بۆ ئەوەی ووتەیەکی جوانی نوسەرێك یا زانایەکی کورد رەت بکەینەوە. ئەگەر شۆرشگێر بوین بۆچون و رەوتەکانی شۆرشگێرانی ئەمریکای لاتین و چین و سۆڤیەتمان کردوەتە سەرمەشقی خۆمان، تا دژی رێبەرانی خۆمان راوەستین و ئەگەر رێبەر بوین چاومان لە ئیشارەیەکی بچوکی دوژمنان بووە، تا بە هەڵداوان بە پیریەوە بچین کە چی بۆ نیزك بونەوە لە رێبەرانی دیکەی کورد هەزار شیر و ریو یمان هێناوەتەوە.

بە کورتی ئەو نەخۆشیە یەکتر بە کەم دانان و دوژمن بە زۆر گرتنە بو کە ئەمجاریش بو بە هۆی هەلایسانی شەری برا کوژی. ئەگەر هەر لە هەوەڵەوە رێبەرایەتی. پ.ك.ك. نرخی بدایە بە رێبەرایەتی جولانەوەی کوردستانی باشور، گیروگرفتەکانی ئەو بەشە لە کوردستانی دەرك بکردایە و خۆی بە تەنیا هێزی رێبەر لە هەمو کوردستان نەزانییایە ئەم گیروگرفتە دڵتەزێنە نەدەهاتە پێش. یان ئەگەر رێبەرایەتی جولانەوەی کورد لە باشوری کوردستان (کوردستانی عێراق) هەر لە هەوەڵەوە "پ.ك.ك." ی بە هێند گرتبایە و هەوڵی بدایە ناکۆکیەکان لەگەڵ ئەو هێزە کوردستانیە بە شێوەی سیاسی چارەسەر بکا، هەر لە هەوەڵەوە بەگەلی کوردی راگەیەندبایە کە لەگەڵ ئەو هێزە گیروگرفتی هەیە و ئامادەیە بە شێوەی برایانە چارەسەری بکا، رەنگە مەجبور نە بو بایە لە بەرەبەیانی دەست پێ کردنی قوناغێکی نوێ دا، لە سەرەتای بە دەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی لە و بەشە لە کوردستاندا، بە ئاشکاوی شەڕ دژی ئەو هێزە کوردستانیە راگەیەنی و بە بەربلاوی هێرشی بکاتە سەر.

ئەو کات دوژمنی داخ لە دڵی کورد، حکومەتی شۆڤێنیستی تورکیەش هەلی بۆ رێ نەدەکەوت بە درندانەترین شێوە هێرش بکاتە سەر پێشمەرگەکانی کورد لە و بەشەی تری کوردستان و گەمارۆیان بدا. شك لە وەدا نیە کار بە دەستانی تورك کە بۆ قازانجی ئابوری خۆیان و لە پێناوی دەسکەوتی سیاسی خۆیان دا، رێگای هاتووچۆی بازرگانی بۆ کوردستانی رزگار کراو دەدەن، لە ئیستا زۆرتر مەجبور دەبوون ئەو رێگایە ئاوالە کەن.

دەبێ ئەوە بزانین کە چەند هۆیەکی نێو خۆیی و نێو نەتەوەیی بونە هۆی ئازاد بوونی ئەو رێگایە. دەنا دەولەتی تورکیە تا ئێستا بە دەیان جار رای گەیاندووە کە ناتوانێ بوونی دەولەتێکی ناوچەیی لە کوردستانی باشور تەحەمول بکا. سەرۆك وەزیرانی ئەو وەلاتە (دیمێریل) ئێستا چالاك ترین دیپلۆماتی دژی کوردە. رۆژێك لە تاران، رۆژێك لە دیمشق و بێگومان ئەگەر پیویست بێ رۆژێك دەگاتە بەغداش، تا پیلانی لە نێو بردنی ئەو ئازادیە نیسبی یەی لە کوردستانی باشور وەدەست هاتووە دارێژی. بە لە بەر چاو گرتنی ئەو راستیانە، ئایا باشتر نیە کوردیش لە بیری

یەکگرتنی ریزەکانی خۆی دا بێ، هەتا پشت بەستن بە دیپلۆماتی گویا (زیرەکانە) لەگەڵ دوژمنانی بالقوەی خۆی؟.

گومان لەوەدا نییەکە ئاڵ وگۆرەکانی سیاسی نێونەتەوەیی وهەروەها ناسرانی مەسەلەی کورد لەدەرەوە بەشێوەیەکی بەربلاو، دوو زامنی زۆر گرینگن بۆئەوەی کە دوژمنانی کورد نەتوانن بەشێوەی جاران شەری درێژخایەنی ژینوسایدلەدژی گەلی کورد بکەن، ئەگەر بۆخۆمان یەکگرتوو بین، بتوانین لە تەواوی هێزەکانی ناوەوە و دەرەوەمان کەڵك وەرگرین و زۆرتر پشت بە هێزی خۆمان ببەستین، سەردەکەوین. نابێ لەوەدا تۆزقاڵێك گومان ودوودڵیمان هەبێ.

*************************



وێنەی بەرگی یەکەم دیاری هونەرمەندی نیگارکێش کاك ناسری قازی زادە

خەت خۆشی تیترەکان کاك فەرامەرز ملك پور



# کاتێک ڕاوکەر شوێن دەباتە سەرتەماڵ

## روون بوونەوەی تیروری دوکتور شەرەفکندی وهاورێیانی
### ( ووتارێك لەگوڤاری ئالمانی شتێرن )

قەتلی چوار سیاسەتمەداری کورد لە برلین بە تەواوی رۆن و ئاشکرایە کە کاری دەزگای جاسوسی ئێرانە. بەلام دیارە لە بەر تێبینی و بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی، حکومەتی ئالمان دەیەوێ وەکوبەردی بن گۆم شورت و گوم بێ و بێدەنگی لێ بکات.

دوو قاتلی بەکرێگیراو کاتی ۲۲/۵۴ دەقیقە لە رەستوران وە زۆر دەکەون و بێوەی زۆری بیرلێ بکەنەوە راستەوخۆ رودەکە ئەو مێزەی کە هەشت ئۆپۆزیسیونی ئێرانی لە دەوری دانیشتبون، یەکێك لە قاتلەکان کە پۆلیوێرەکەی بە سەر نیوەی دەموچاویدا کێشابو، نەراندی و بە فارسی گوتی"دایك قاحبەینە" و دەستی بۆکیفەکەی بردو بەوچەکە ئەوتۆماتیکەی کە دەوێدا شارد بوویەوە دەسرێژی کردنێ. سێکەسیان بەربونەوە و مردن. چوارەمی خویناوی لە سەر عەرزی کەوتبو کە قاتلی دوهەم بە گوللەیەکی تر کوشتی. خاوەنی رەستورانەکە برینداربو بەلام نەمرد.

ئەو هەرەشە گەورەیە کەبوبە رێوەبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رۆژی ۱۷ سیپتامبری سالی ۱۹۹۲ لە برلین لە رەستورانی"میکۆنۆس" پیێك هێندار بوو، دوایی هاتنی کۆنگرەی سوسیالیستەکانی ئینترناسیۆنال کە لە پیتەختی ئالمانلە شاری برلین گیرابوو خستەژیر سێبەری خۆی. قوربانیانیئەو هیرشە درندانەیە، نوینەر و بەشدارانی کونگرەی سوسیالیستەکانی ئینترناسیۆنال :

سادقی شەرەفکندی کە پێیان دەگوت دوکتور سەعیدتەمەنی ۵۴ سال سکرتیری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانیئێران، هومایون ئەردەلان ۴۲ سال بەرپرسی حیزب لە ئالمان، و فەتاحیعەبدولی تەمەنی ۳۱ سال بەرپرسی حیزب لە دەرەوەی ولات بوون. لە گەل نوروللە محەمەد پور (دیهکوردی) کە پێیان دەگوت نوری تەمەنی ۴۶ سال، وەرگێر بوو، بو شەرەفکندی. ئێستی مەترسیئەوە هەیەکە ئەو قەتلە ببێتە قەباحەتێکی زۆر گەورەی سیایی. چونکی نەتیجە و ئاکامی لێکولێنەوەی کومانداوی تایبەتیکە بۆ رون کردنەوەی کارەساتی رەستورانی "میکۆنۆس" لەلایەن پولیسیجینایی ئالمانەوە دیاری کرابون، بەدلی سیاسەتمەداران و پسپورەکانی ئەمنیەتی حکومەتی ئالمان نین. یەکێك لە کاربەدەستە بەرزەکانی وەزارەتی

دادپەروەری ئالمان لەوتوویژیکدا لەگەڵ گوڤاری "شتیرن" دەڵێ: هەر شیوەلیدوانیك بۆبیروورای گشتی لەسەر ئەورووداوەیەدەبیتەهۆی کارەساتیکی گەورەونالەباری سیاسی. بۆیە بیدەنگی لیدەکرێ. دووحەوتو و نیو پاشی ئەورووداوەیە پۆلیسی ئالمان دووکەسی لە قاتلەکان لە ناوچەی "ویتفالن" لە شاری "راینێ" دەسگیرکرد، هێندیك پاشان چوارهەواڵی تری وانیش گیران.

بەپێی راپۆرتی ناوخۆی پولیسی ئالمان کە لەدەست گۆڤاری "شتیرن" دا هەیە قاتلەکان ئەوبەندیانەن کە ئیستاگیراون: "عەباسی رهایل" تەمەنی ٢٥ ساڵ خەلکی لوبنان و هەلاتویکی ئیرانی بە نیوی "شەریف" کە پێی دەلین ئەبو رومان هیشتا نەگیراوە و پولیسی هەر بەدوایەوە. کوماندوی پولیسی ئالمان ویرای "رهایل" یەکیکی تری لۆبنانی بە نیوی "یوسف ئەمین" تەمەنی ٢٥ ساڵە گرتوە، کە لەکاتی رووداوەکەدا لەوێ وەکو کیشکچی راوەستاوە. ئەوانە لەکاتی گرتنیاندا دەهەزارمارك و ٣١٥٠٠ فوند پارەی لۆبنانیان پێبووە. هەروەها "کازم دارابی تەمەنی ٣٢ ساڵە خەلکی ئیران ئەویش گیراوە، کە بەپێی دەربرینی" یوسف ئەمین " ئەو بەریوەبەری کارەساتی رستورانی "میکۆنۆس" بووە. بەریوەبەرانی رون کردنەوەی ئەوکارەساتە بۆیان دەرکەوتووە و رون بۆتەوەکە "کازم دارابی" تا ئەوکاتە کە گیراوە و بەندی کراوە سەرۆکی ئەو تاقمە نیزامیەی ئیسلامیکانی جولانەوەی حیزبوڵلایەکانی ئالمان بەشی برلین بووە کە ئیران ئەوانەی بەریوەبردوە و پارەی داونێ.

بەر لە هەموشتێك بەپێی دەربرینی گرتوەکان کە ئیستی بەندیکراون خیرا دەرکەوتووەکە لە ژیرەوە سەرگوریسی ئەوکارەساتە بە دەست دوو دیپلۆماتی رەسمی ئیران لە ئالمان بووە.

ئەودەست تیوەردان و پیوەندی ئیران بەو جینایەتەوە دەبێ نهێنی بێ ولە ژیر دەرخۆنەدا بمینیتەوە، چونکی لە لایەکەوە بە لەبەر چاوگرتنی پیوەندی ناسکی دیپلۆماسی ئیران و ئالمان کە تازەلە سەررا دەست پی کراوە ولە لایەکی ترەوە پیوەندی ئابوریش لیرە رۆلیکی مەزن دەگیرێ. لە مانگی ١٠ تا ١٢ ی ساڵی ١٩٩٢ کارخانەی "میرسیدیس بینز" ٩٠٠ ترومبیلی گەورەی باری کە هەریەکەی قیمەتی لە سێ سەد هەزارمارك را تا چوارسەد هەزارمارکە داوە بە ئیران. قسەکەری میرسیدیس بینز بە نیوی "ئووێ برۆدبیك" لەوتوویژ لەگەڵ گوڤاری "شتیرن" دا دەڵی: ئەوە پارەیەکی زۆر باشە کەوەدەستمان دەکەوێ. بەلام رەقیبی ئیمە "ئیویکۆماگیروس" لە شاری "ئولم" هێندیکی زیاتر لە ئیمە داونێ. ئاشکرا کردن و بلاوکردنەوەی رەسمی کردەوەکانی جینایەتی دەزگای جاسوسی ئیران لە ئالمان دەتوانێ پیوەندی ئەو دوو ولاتە بە شیوەیەکی ناسك و حەساس بشیوینێ و پێش بە و قازانج و دەسکەوتە گەورەی مامەلەی ترومبیلی باری بگرێ.

رون کردنەوەی کارەساتی رەستورانی "میکۆنۆس" و تاوانبارکردنی ئیران لە لایەن پۆلیسی ئالمانەوە لە بەر ئۆپۆرتونیستی و هەلپەرستی سیاسی بیدەنگی لێ دەکری و بەتوندی دەشاردریتەوە." هانس یورگن فۆر ستیر" قسەکەری دیوانی عالی ئالمان لە شاری "کارلسروهێ" دەڵێ وانیە ئەوانە هەمو قسەی هیچ و پوچن. بەلام دەدانیشی پیدادینێ و دەڵێ کە ئەوکارەساتەی رەستورانی "میکۆنۆس" بە دەستوری ریکخراویك کراوە کە بۆ لە ناو چوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران هەوڵ دەدا. ئیتر راستە و خۆ ناڵێ و رونی ناکاتەوە، کام ریکخراوەیە و لە کوێ را ئەو دەستورە وەردەگرێ. هەروەها قسەکەریکی وەزارەتی دادگا لە وتوو ویژ لە گەڵ گوڤاری "شتیرن" دا دەڵێ: وەدواکەوتن و رون کردنەوەی کارەساتی رەستورانی "میکۆنۆس" وەکو هەمو رووداوەیەکی تر زۆر بە وردی و بە پێی رێ و رەسمی یاسا بەریوە دەچێ.

زۆر سەیرە، هەمو لایەنەکانی حکومەتی رەدی دەکەنەوە و دەلین وانیە، بەلام بەریوەبەرانی لیکولینەوەی کارەساتی رەستورانی "میکۆنۆس" زۆر تورەن کە بەردیان دەخەنە سەر ریگەو تورمز دەکرین. کاربەدەستیکی پۆلیسی هەر لە مانگی نوامبر دا کە ئەو کارەساتە روی دابو دەیگوت: هەوڵ دەدەن تەئسیر بخەنە سەر ئیش و کاری لیکولینەوەی ئیمە.

"بیرند شمید باوەر" تەمەن ٥٢ ساڵ وەزیری بەرپرسی کاروباری بارەگای حکومەتی ئالمان رۆژی ٨ ی دیسامبر هەمو لایەنەکانی بەشدار لە لیکولینەوە لە سەر کارەساتی رەستورانی "میکۆنۆس" ی لە

بو لاپەری ٣٢

دیاره شۆڕشگێڕانی نێو جوولانەوە، بەتایبەت حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان دەبێ هەوڵ بدەن کە ڕیزەکانی خۆیان بپاریزن و پتەوی بکەن، ناکۆکی و دووبەرەکی نێو خۆ لە نێو بەرن و سیاسەتێکی ڕۆژانەی ئوسولی و ئیستراتیژیەکی گونجاو لەگەڵ هەل و مەرجی کوردستان و ئاڵ و گۆڕەکانی نێونەتەوەیی، بۆ داهاتوی کوردستان دیاری بکەن.بەکورتی هێزە شۆڕشگێڕەکان پێویستە ببنە نمونەیەکی باش، پاکو خاوێن و بەوورەو هێز و توانا، تا بتوانن خەباتی کۆمەلانی خەلك هان بدەن، ڕێ نوینی بکەن و ڕێبەری بکەن.

بێ ئەوەی بم هەوێ لایەنە باشەکانی ڕێکخراو و حیزبە سیاسیەکانمان وون بکەم، چونکە بە هەر حاڵ ئەوان پاڵەوانی مەیدانی دژواری خەباتن و جێگای شانازیمانن، بەداخەوە مەجبورم ئەو ڕاستیە بدرکێنم، کە لە حاڵی حازر دا زۆر هەڵەی بەرچاو دەکەن. یەکیك لە و هەڵانە چارەسەر نەکردنی ناکۆکیەکان بە شێوەی سیاسیە. دووەم گوێ نەدانە بە خەباتی دیپلۆماتیك. سێهەم درێژەدانی شێوەی خەباتی کۆن و سوننەتیە. چوارەم بەکەمگرتنی تەبلیغاتە. پێنجەم گوێ نەدان بە تەشکیلاتە. شەشەم چەندڕێبازە نەکردنی خەباتە. حەوتەم هەولی تەواو نەدان بۆ یەکگرتنی ڕیزەکانی کورد لە دەرەوە و لە نێوخۆی وەلاتە. لە هەموشیان دڵتەزێن تر خۆبەکەم زانین و بێگانە بە زۆرگرتنە. ئەو دەردەیە کە دەبێتە هۆی تیرۆر کرانی خەباتگێڕانی وەك دوکتور قاسملو و دوکتور شەرفکەندی و چەندین هەڵکەوتوی دیکە بە شێوەیەکی زۆر ساکار. بە نرخێکی زۆر هەرزان بۆ دوژمن و بە زەرەبەیەکی زۆر گەورە بۆ جوولانەوەی گەلەکەمان. کەهیوادارم ئەوانەی باس کران هەمویان چارەسەر بکرێن، دەنا بە نرخێکی زۆر گران لەسەرنەتەوەکەمان تەواو دەبن. ئەوەی کە جوولانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران دەنگ نادا تەوە. بەشێکی خەتای ئەو چەند خاڵە لاوازانەیە کە باسم کرد کەدەگەڕێتەوە سەر خۆمان و بەشێکی هەرە گەورەش پەیوەندی هەیە بە سیاسەتی ئەمڕۆی وەلاتانی ئوروپایی ڕۆژئاوا و ئامریکاوە. ئەوان مەسەلەیەك زەق دەکەنەوە کە قازانجی خۆیانی تێدابێ. وا دیارە لە حاڵی حازر دا زەق کردنەوەی مەسەلەی کورد لە کوردستانی ژێردەسەلاتی ئێران بە قازانجی خۆیان نازانن.

**ئاوارە : لە بەرنامە و پێڕەوی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان دا، دیموکراسی، ئازادیە دیموکراتیەکان وپلورالیزمی سیاسی گونجاوە. کە چی بەداخەوە زۆرپێ شێل دەکرێ و مافی زۆر ئینسانی تێکۆشەر وە ژێر پێ دەخرێ. بە جورێك کە پاڵ پێوە دەنرێ و لە جوولانەوە دوور دەخرێتەوە. هۆی ئەوکارانە لە چی دا دەبینی ؟**

✪ دیموکراسی، ئازادیە دیموکراتیەکان و پلورالیزم، لە تیوری دا جوان و پێشکەوتون. هەربۆیە حیزب و ڕێکخراوەکانیش، ئەوانەی لافی پێشکەوتن خوازی لێ دەدەن لە بەرنامە وپێڕەوەکانیان دا هەڵیان دەگرن. بەلام لە کردەوە دا زۆر زەحمەتن. دەبێ کاریان بۆ بکرێ و بە بەربلاوی لە نێو ڕیزی ڕێکخراوەکان وتەنانەت لە نێو کۆمەلانی خەلکدا بلاو بکرێنەوە و ئاموزشیان لە سەر بدرێ. هەرکام لەو تێرمە سیاسیانە بۆ خۆیان پرۆسەیەکی خەباتن. بۆوێنە ئەوکەسەی خۆی بە دیموکرات بزانێ و بە دڵ قەبولی بێ و بە باشی لێی حاڵی بوبێ دەبێ زۆر جار پێ لە قازانجی شەخسی خۆی بنێ. تەنانەت زۆر جار پێویستە قازانجی ڕێکخراوەیی وەلا بندرێ. بە کورتی دەبێ هەمیشە ویستی زۆربە لە بەرچاوبگیرێ. بوئەوەی هەرکام لەو

زێبازە سیاسیەباشانە، کە زۆر پێویستن بۆگەشەکردن و پێشکەوتنی هەرکۆمەڵێك، بەتەواوی بەڕێوەبچن، دەبێ بۆتەك تەکی ئەو کۆمەڵە ببنە فەرهەنگ. بۆ ریکخراوە سیاسیەکان زۆرتریش پیویستە، ئەگەر کادر و ئەندام و پێشمەرگە و لایەنگری ڕێکخراوێك بەباشی لە دیموکراسی حاڵی نەبن، بەڕێوەبردنی دیموکراسی بۆئەو حیزبە زۆر زەحمەت دەبێ. بۆوێنە ئەگەر سەرلکێکی یەکێك لە ڕێکخراوە سیاسیەکان لە دیموکراسی حاڵی نەبوبێ، زۆر ساکار دەتوانێ ببێتە هۆی پێشێل کردنی ئەو ڕێبازە خاوێنە. جا ئەگەر لە ڕادەی ڕێبەری دائێستاش بەتەواوی دیموکراسی دەرك نەکرابێ، ئیدی ڕۆژ ڕەشی بەبار دێنێ.

**ئاوارە: هەروەك ئاگاداری ئێستا لە هەمودنیا، گەلان هەوڵی یەکیەتی دەدەن. تەنانەت لە زۆر جێگا چەندین گەل لە یەك پەیمانی ئابوری و سیاسی دا کۆدەبنەوە، چونکەوایان بە قازانجە. بە بڕوای تو بۆگەلی کوردیش کاتی نەهاتووە کە لە بەرە یەکی نەتەوەیی کوردستانی دا یەك بگرێتەوە؟**

✪ مەسەلەی یەکگرتنی گەلی کورد ئەوەتی کورد هەیە و لە کوردستان دەژی زەرورەتە. دیارە ئێستا ئەو زەرورەتە زۆرتریش بەرچاوە و جێگای دەرك کردنە. پێشم وایە هەر کوردێکی دڵسۆز ئەو مەسەلە ڕوون و ئاشکرایە دەزانێ. بە تایبەت ڕێبەرانی کورد. بەڵام هێندیك کۆسپی زۆر گەورە لە سەر ڕێگای ئەو کارەن، کە بە بڕوای من تا ئێستاش ڕێگایەکی باش و ئوسولی بۆ لابردنی ئەو کۆسپانە نەگیراوەتە پێش. تەنانەت دەتوانم بڵێم ڕێبەرەکانمان تائێستا نەیان توانیوە ئەو ڕێگایە بدۆزنەوە، یەکێك لە کۆسپە هەرە گەورەکان دابەش بونی کوردستانە. ئەو دابەش بونە کارێکی وای کردووە کە هەر چواردەوری کوردستان، لە کورد ببێتە دوژمن. زۆر جاریش جوولانەوەی کورد لە یەکێك لە بەشەکانی کوردستان، بە ناچار پەیوەندی هەیە لە گەڵ دوژمنی کورد لە بەشێکی تری کوردستان. ئەو پەیوەندیە تا ئێستا گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای یەکیەتی هێزە کوردستانیەکان بووە. تەنانەت بە داخێکی گرانەوە زۆرجار دوژمن کەڵکی لێ وەرگرتوە و ئاگری ناکۆکی نیوخۆیی پێ خوش کردووە. هەرچەند شتێکی ئاشکرایە کە بۆ ڕێبەرانی جوولانەوە، ئەو ریگایە، ریگای ناچاری یە، لە گەڵ ئەوەش دەکری. بە شێوەیەك پەیوەندی خۆت و دەوڵەتەکانی دەوروبەرت تەنزیم کەی، کە نەتوانن دژی برای خۆت کەڵکت لێ وەرگرن. بۆوێنە سیاسەتێك کە دوکتور قاسملوی شەهید بۆ پەیوەندی لە گەڵ دەوڵەتی عیراق دا ی ڕشتبوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران تاکو ئێستاش پەیڕەوی کردووە، سیاسەتێکی ئوسولی باشە دەبێ ئەو ڕاستیە بگوترێ و ئەو شانازیەی دوکتور قاسملو باسی لە سەر بکرێ، کە تا ڕۆژی شەهید بوونی تەنانەت یەكجاریش لە سەر رادیوو تەلەفیزیونی عێراق قسەی نەکرد. یەكجار بە شاخ و باڵی ئەو دەوڵەتەی هەڵ نەگوت و بگرە جارێکیش بروسکەی پیرۆزبایی لێ نەدا. لەهەموی گرنگتر بچوکترین هەنگاوی دژی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان هەڵنەهێنایەوە تەنانەت کاتێك عێراق و ئێران شەڕیان لە نێوان پەیدا بوو عێراق هێرشی کردە سەر ئێران. حیزبی دیموکرات لە هیچ جێگایەك شان بە شانی ئەرتەشی عیراق دژی ئێران شەڕی نەکرد هیچ، بەڵکو پێشی ئەوەشی گرت کە عێراق لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەوە بەرەو ئێران هێرش بکا. ئەوەندەی منیش ئاگادار بوم، هەمیشە ئامادە بو لە گەڵ هێزە کوردستانیەکان هاوکاری بکا. دوای ئەویش ئەو ڕیبازە هەر درێژی هەبوەو بوەتە سوننەتێکی باش. ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانیش کەم و زۆر، هەر نەبێ لە هێندیك قۆناغ دا سیاسەتێکی وایان هەبووە. بۆوێنە

دەتوانین باسی" هێزی پیشتیوان" بکەین. واتە یارمەتی(ی.ن.ك.)، بە جووڵانەوەی کورد- ستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران لە سەردەمێك دا. کە وابو دەکرێ بە درێژەی ئیستراتژی سوننەتیشەوە کە بۆ خودموختاری خەبات دەکا، هەوڵ بدرێ بۆ پاراستن و پەرەپێدانی یەکیەتی ریزەکانی گەلی کورد.

مەسەلەیەکی ترکە دەبێ ئیشارەی پێ بکرێ لەم پەیوەندیەدا ئەوەیە، کەبەو ئاڵ و گۆڕەی بە سەر سیاسەتی نێو نەتەوەیی دا هاتووە و بەو نفوزەی مەسەلەی کوردلەساڵەکانی دوایی دا لە نێو بیروڕای گشتی جیهان دا بە دەستی هێناوە، پێم وانیە دوژمنانی کورد وەك جاران بە ساکاری بتوانن، یەك بگرن و هێرشی تواندنەوە بکەنە سەر کوردستان. لەهەموشی گرنگتر پێم وایە هێزی یەکگرتوی هەموگەلی کورد پێکەوە، دەتوانی پێشی تەواوی دوژمنان بگرێ. لانی کەم گەورەترە لە هێزی جووڵانەوەی بەشێکی کوردستان بە هاوکاری داگیرکەری بەشێکیتر.

جگە لەوەش پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە بە دۆست و دوژمن رابگەیەنین کە یەك نەتەوەیین و یەکترمان خۆش دەوێ و یەك ڕابردوو و ویستمان هەیە. دەبێ بە ئاشکرا بڵێین کە ئەگەر داوای جیابونەوەش بکەین حەقی خۆمانە. ئێستا کە خودموختاری، فیدرالی یا هەر شێوەیەکی تر لە مافی دیاری کردنی چارەنوسمان دەوێ، ئەوەش هەڵبژاردنێکی خۆمانە و بە تاکتیك نییە، پێمان خۆشە لەگەڵ ئەوگەلانەی نیزیکن و تێکەڵاوی مێژوییمان هەیە پێکەوە برایانە بژین.

**ئاوارە: بیرورات لە سەر تیروریزم بە گشتی و تیرۆری رێبەرانی حیزبی دیموکرات بە گشتی چییە؟**

✪ بە گشتی دژی تیرۆرم لە هەر شکلێك دا. پێم وایە نائینسانانەترین و نامەردانەترین شێوەی بەرەو روو بون لەگەڵ موخالیفانە. شکیشم لەوەدا نیە کە رێبەرانی حیزبی دیموکرات و رێکخراوە سیاسیەکانی دیکە هەمویان بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی جێبەجێ کراوە. چونکە تیرۆر بووەتە سیاسەتی رەسمی ئەو ریژیمە و جگە لەوەش بۆ کاربەدەستانی ئێران هەر لە مێژوو دا نامەردانە جوڵانەوە لەگەڵ موخالیفان بووەتە سوننەت. بیر لە شێوەی شەهیدکرانی سمکۆ، پێشەوا، دوکتور قاسملو و دوکتور سەعید و زۆری تر لە تیکۆشەران بکەوە، بۆخۆی بەڵگەی ئەو راستییەیە.

بەلام لە سەریەك رێبەرانی کوردیش بێ خەتانین. جگە لەوەی زۆر کەم تەرخەمن، دوژمنیش بە کەم دەگرن. خۆیان و نەخشی خۆیان لە بەرچاو نییە و ریز بۆ ئەو پلە و پایەی پێی گەیشتون دانانێن. دەنا کاتێك سوردەزانن حکومەتی ئێران ئەو شێوە نامەردانەیەی بو بەربەرەکانی لەگەڵ ئوپوزیسیون بە گشتی و جوڵانەوەی کورد بە تایبەتی هەڵبژاردووە، بۆ دەبێ وورییای ئەمنییەتی خۆیان نەبن.

**ئاوارە: ئاڵ وگۆڕەکانی نێونەتەوەیی چەند ساڵی رابردوو، چ دەسکەوتێکی سیاسی بو نەتەوەی کورد هەبووە؟**

✪ هەر ئاڵ وگۆڕێك لە سیاسەتی نێونەتەوەیی دا، هەم دەتوانێ بە قازانج بێ هەم بە زیان. بە قازانجە ئەگەر شێوەی خەباتی خۆت لەگەڵ ئەو ئاڵ وگۆڕانە تەنزیم کەی و بتوانی لەو ئیمکاناتە تازانەی ئەو ئاڵ وگۆڕانە کەڵك وەرگری. بە زیانە ئەگەر هەر بە شێوەی کون تێ بکۆشی و نە توانی خۆت لەگەڵ هەڵ و مەرجی تازە ریك خەی. بۆ وێنە ئێستا باشتر دەتوانرێ لە کاری دیپلۆماتیك و تەبلیغاتی کەڵك وەرگیرێ. بیروڕای گشتی زۆرتر لە مەسەلەی کورد ئاگادار بووە

یارمەتی ئینسانی زیاتر دەتوانرێ کۆبکرێتەوە و . . . بەلاّم رەنگە ئەگەر وەك جاران تەنیا پشت بە پێشمەرگایەتی و شەری چەکداری ببەستی، هەلّ ومەرجی تازە بە زیان بێ. چونکە جاران دەتوانرا لە ناکۆکی نێوان هێزە گەورەکان بە قازانجی پاراستنی جولاّنەوەی چەکداری کەلّك وەرگری . چونکە ئەو دەولّەتانەی کورد لەگەلّیان لە کێشەدابو ، مەجبوربون لایەنی یەکێك لە هێزە گەورەکیان بگرن و ئەوکات راستە وخۆ لە بەرامبەر لایەنەکەی دیکە راوەستابون ئێستا دنیا وانەماوە. لەگەلّ هێزی چەکدار ، دیپلۆماسی زۆر بەهێزیشی پێویستە. هەروەها خەباتی بە کۆمەلّی سەرشەقامەکان ، چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە ، نەخشی زۆر گەورەی دەتوانێ هەبێ.

**ئاوارە: تەزەرت لە سەر شەری نێوان حکومەتی کوردستانی ئازاد و پ.ك.ك. چییە؟**

- دژی هەرجۆرە شەرێکی براکوژیم، بە هەر بەهانەیەکەوە بێ.

**ئاوارە: خود موختاری یا سەربەخۆیی؟**

باشترین دروشم بە بروای من داوای مافی دیاری کردنی چارە نووسە. چونکە مانای ئەو دروشمە ئەوەیەکە گەلی کورد لە هەلّبژاردنێکی، ئازاد ، گشتی و نهێنیدا رەئی خۆی دەدا بەو شێوە مافەی کەدەی هەوێ. زۆر بەجێیە خەبات بکرێ بۆ ئەوەی ئێمکانی هەلّبژاردنی ئەوتۆ بۆ کورد پێك بێ کە لەوێ دا رەئی خۆی لە سەر خود موختاری ، فیدرالی، یا سەربەخۆیی بدا . هەرکامیان زۆربەی هێنایەوە دەبێتە ئەو مافی دیاری کردنی چارە نوسەی کە کوردویستویەتی و دەبێ بەرێوە بچێ. کەوابو ئەگەر نەزەری منت دەوێ ، هەلّبژاردنێکی ئازاد.

**ئاوارە: چ پێش بینی یەك بۆ وەزعی کوردستانی باشور (کوردستانی عێراق) دەکەی؟**

- تازە گەرانەوەی دەسەلاّتی ریژیمی عێراق بە شێوەی پێشو ئێمکانی نییە. یا دەبی دەولّەتی عێراق، "هەرکەس لە سەر کاربێ فەرق ناکا" لەگەلّ کورد رێك کەوێ، ئەگەر بیهەوێ کوردستان لەگەلّ عێراق بمێنێ. یا کورد رێگای خۆی گرتوە و هەتا سەر دەی برێ. ئەگەر چەند سالّی پێ بچێ تازە کورد بە سەربەخۆیی نەبێ رازی نابێ. کەوابو بە قازانجی دەولّەتی عێراقە کە هەرچی زووتر مافە رەواکانی گەلی کورد بە رەسمی بناسێ. ئەوەی گەلی کورد لە عێراق بە گشتی داوای دەکا بیدا .

**ئاوارە: چ داهاتویەك بۆ نەتەوەی کورد پێش بینی دەکەی؟**

- درەنگ یا زوو رزگار دەبێ و دەبێتە یەکێك لە نەتەوە پێشکەوتوەکانی دنیا . درەنگ وزوویی بەوە بەستراوەتەوە کە گەلی کورد زووتر بە تێکرایی، سوور بێ لە سەر داوای مافە رەواکانی. ئەگەر رزگاریش بێ شکم لەوەدا نییە کە دەبێتە نەتەوەیەکی پێشکەوتو ، چونکە هەم کوردستان وەلاّتێکی دەولّەمەندە، هەم کورد ئەوەندە لێهاتویی هەیە.

**ئاوارە: نەزەرت لە سەر گۆڤاری ئاوارە، تاکوێ هاتووە؟**

- لە چاو ئێمکانی کەم و ساوایی یەوە، گۆڤاری ئاوارە زۆر چوەتە پێش و خەریکە جێگای خۆی لە نێو کوردەکانی دەرەوەی ولاّت دا بکاتەوە. بە داخەوە تا ئێستاش زۆر کەم یارمەتی ماددی و مەعنەوی دەکرێ. بۆ ئەوەی بە راستی ببێتە گۆڤارێکی باش دەبێ کوردەکان لە هەر وەلاّتێك بن ، بە نوسین و بە یارمەتی ماددی، فریای کەون.

بو لاپەری ٣٢

خوینەری بەریز، ئەم ووتارەی خوارەوە لە ژمارە ۶ی گوڤاری ۲۶ی سەرماوەز سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ریبەرایەتی شورشگیر وەرگیراوە. تەنیا هۆی بلاوکردنەوەی ئەم ووتارە پر نیوەرۆك بوون و پیویستبوونی ئەم جورە بابەتانەیە. هیواداریـن نوسەری ووتارلیمان رازی بی کە بە بێ ئیزن بلاومان کردوەتەوە، چونکە دەستمان ویرا نەگەیشت. هەروەها بە هیوایـن جیی رەزامەندی خوینەران بی.
"ئاواره"

# پێدا چوونەوەیەکی کورت بە سەر شێعر و ئەدەبیاتی کوردیدا

نوسینی: هاشمی کەریمی

پیش ئەوەی دەست بە نوسینی ئەسلی وتار بکەین، پێویستە ئەوە بلێین کە ئەم وتارە لە بەرچۆنیەتیی گونجایشی "۲۶ی سەرماوەز" تەنیا پێدا چوونەوەیەکی کورت و سەرپێییە بە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دا، ئەگینا ئەگەر بمان ویستبایە ئەم باسە بە درێژی بنوسین، دبوایە زور مەبەستی دیکەمان لەو بابەتەوە بگونجاندبایە و دەبوایە لە سەر شێعری شاعیران و چیرۆك و رۆماتی نووسەران بمان کۆلیبایەوە، دەبێ ئەوەش بلێین ئەو شاعیرانەی بە کورتی باسمان کردوون حەقی خویانمان نەداونەتێ وحەق ئەوەش بوو لە ژیان و شوێنەواری هینێدێکی دیکە شاعیر و چیروکنووس ئەگەر بە کورتیش بوایە، بدواینایە. بۆیە ئەم وتارە حەقی مەتلەب بەو جۆرەی پێویستە ئەدا ناکا.

بە پێی قاعیدەی زانستی، شێعر و ئەدەبیاتی هەرگەلێك پێوەندی یەکی نەپچراوەی بە پێشکەوتنی ئەو گەلە لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و زانستییەوە هەیە، پێ بە پێی پێشکەوتنی عیلم و زانست لە وەلاتانی پێشکەوتووی جیهان زمانی ئەو گەلانەش دەولەمەنتر بووە و لە ئەنجامدا تەئسیری راستەوخۆی لە سەر شێعر و ئەدەبیاتی ئەو گەلانە داناوە.

دیارە ئەو قاعیدە موتلەق نیە و جاری وا هەیە ژێردەستەبی و چەوساوەبی خۆی لە خۆی دا هێندیك لە گەلانی هان داوە کە بەربەرەکانی لەگەل زولم و ستەم زمانی نەتەوایەتیی خۆیان ببووژێننەوە و لە ئەنجام دا شاکاری ئەدەبیی پێك بێنن. هەر بۆیە لە مێژوودا رێ کەوتووە کە دیاردەی ئیستسنایی لە شێعر و ئەدەبیاتی گەلان دا پەیدا بووە کە لەگەل ئەو قاعیدەی سەرەوەیەکیان نەگرتۆتەوە.

گەلی کورد لە قۆناغێکی دواکەوتووی ئابووری و فەرهەنگی و زانستیدا ژیاوە و جگە لەوەش ژێرچەپۆکەیی و بەشبەشکراویی ئەو گەلە لە سەرانسەری مێژوودا و نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی نەتەوەیی هەلی لە باری بۆ دەولەمەند کردنی زمانەکەی بۆ پێك نەهاتووە و لە ئەنجام دا شێعر و ئەدەبیاتی کوردی تا رادەیەك لە شێعرو ئەدەبیاتی گەلانی پێشکەوتوو، دواکەوتووە، ئەدەبیاتی کوردی نە تەنیا نەی توانیوە بگاتە رادەی ئەدەبیاتی فەرانسەیی و رووسی و ئینگلیزی و ئەلمانی و ئیتالیایی و یۆنانی، بەلکوو نەگەیشتوتە رادەی ئەدەبیاتی دراوسێکانی وەکوو ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و تورکییش، (هەرچەند شاعیران و ئەدیبانی کورد خزمەتی گەورەیان بە زمانی دراوسێی خۆیان کرد وە.) لەگەل ئەوەش کاتێ بەوردی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی هەل دەسەنگێنین، دەبینین ئەدەبی کورد لە نێو دەریای بێ پایانی ئەدەبی رۆژهەلات دا گەوهەری وای پێشکەش بە ئەدەبی جیهانی کردوە کە شان لە شانی شاعیر و ئەدیبە گەورەکانی دراوسێ دەدەن و بە راستی لەو دواکەوتوویی یەی فەرهەنگیی گەلی کورد دا وەك ئیستسنایەکی مێژوویی دێنە بەرچاو، کەسانی وەکو خانی و نالی و مەولەوی گۆران و برایم ئەحمد (بلە)، عەرەبی شەمۆ و شێرکۆ بێ کەس لەو بلیمەتانەن کە لەو قاعیدەی سەرەوەکە باسمان کرد جیاواز و ئیستسنان.

پیش ئەوەی بچینە سەر ئەسلی باسەکە، پێویستە ئەوەش بلێین کەلە هەموو بەشەکانی کوردستان دا کوردستانی عێراق لە دەولەمەندکردن و گەشەپێدانی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی دا نەخشی

گرینگتری بەئەستۆوە بووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆ، یەکەم پەیدا بوونی ئەمارەتی بابان لەناوچەی سلێمانی ودەربڕینی هەستی نەتەوایەتی لە لایەن هێندێك لە پاشایانی بابان و لە ئەنجام دا حەزکردنی ئەو پاشایانە بە گەشەسەندنی شێعر وئەدەبیاتی کوردی. دووهەم لە ژێر تەئسیری ئەمارەتی بابان دا پەیدا بوونی شاعیران وئەدیبان وزانایایی گەورەلەومەلبەندە کە یان خزمەتی زمانەکەی خۆیان کردوە وەکوو سێ کوچکەی بابان (نالی، سالم وکوردی) یان خزمەتی زمانی عەرەبی و ئێحیانەن زمانی فارسییان کردوە، سێهەم هۆ، سەرهەڵدانی جووڵانەوەی کوردەکانە بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموودی حەفید لە ناوچەی سلێمانی وپەیدا بوونی چەند گۆڤار و رۆژنامە لە سلێمانی وچەند شارێکی دیکەی کوردستانی عێراق، چوارەم بڕیاری دەوڵەتی بریتانیا بوو کە لە سەر راسپێریی پەیمانی سێڤەر لە کوردستانی عێراق دا دەبی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بە زمانی زگماکی بێ.

هەرچەند شێعرو ئەدەبیاتی رۆژهەڵات بە گشتی و شێعر وئەدەبیاتی کوردی بە تایبەتی هێندیك جیاوازیی لە چوارچێوەی شێعر وئەدەبیاتی رۆژئاوا هەیە، بەڵام تا رادەیەکیش دەکرێ بیخەینە ئەو چوارچێوەو بە پێی ئەدەبیاتی رۆژئاوا هەڵی سەنگێنین.

بۆ روون بوونەوەی باشتری مەبەست لە پێش دا بۆچوونی عەلائەددین سجادی لە (مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دا) دەخەینە بەرچاو ودوای ئەوەش بۆچوونی خۆمان لەو بارەوە دەردە بڕین.

عەلائەددین سجادی لە (مێژووی ئەدەبی کوردی) لاپەرێ ١٢٤ دا دەڵی:

" ئینکار ناکرێ کە ئەدەبی پەخشان لەسە دەورێکی کۆنەوە لە ناو کورددا هەبووە، بانەش نووسرابێتەوە دەماودەم هەر گێڕاویانەتەوە، ئەمەش کە ئەی لێین وەنەبێ ئەدەبی چیرۆکی یا پەندی پێشینیان بێت، چونکە چیرۆك داستانێکی مەیلە و ئەفسانەیە، ئەگونجێ بناعەیەکی هەر نەبوو بێت و دەست هەڵبەست بێ، پەندی پێشینیانیش ریزە ئامۆژگاری یەکی کورت کورتن کە هیچیان بیست وشە پڕ ناکەنەوە، بەلام ئەدەبی پەخشانە شتێکی واقیعییە، هەم مەعناکەی بەرزە و هەم وشەکانی جوانە. "

دوایی لە لاپەرە ١٢٩ دا دەلی:

" لە دەورەی دووهەم و سێهەم دا ئەدەبی شێعری هاتە پێشەوە، لەبن دەست ئەمەوە، ئەدەبی پەخشانەکەش لە دەوری سێهەمدا زیاتر باوی سەند وکەوتە ناوەوە، هەتا دەورەی یەکەم بوو، ئەدەبی پەخشان وەکوو ئەفسانەی لێ هاتبوو، لەم دوو دەورەدا بەتایبەتی دەورەی سێهەم لەو ئەفسانەوە بوو بە رۆژنامە. "

هەروەها لە لاپەرە ١٣٩ و ١٤٠ دا دەڵێ:

" هەر لە دەورەی سێهەمدا دیسان لەوانە بووێژەکان بوون بە سێ بەشەوە، بەشێکیان ئیجگار خۆی بە وشەوە ماندوو کردوە، بۆ ئەوە بە دەنگی زەنگی وشەکانی گوێی بزرینگێنێتەوە، ئەم بەشەیان کە (نالی) یەکێکە لە وان، گویا گەراوەتەوە بۆ سەدەی هەڤدە هەم بۆ (شامپانیا) لە فەرانسە بۆ لای (لافونیتن) ی شاعیر، یا رەنگەئەو هاتبیتە (خاك وخوڵ) بۆ لای نالی. بەشێکیان هەموو ئامانجێکیان دەربڕینی مەعنا بووە و هەموو کۆششێکیان خستۆتە سەر مەعنا، شاعیرەبەرزەکەی کورد مەولەوی لەمانەیە، تو بلێیت گەڕابێتەوە بو سەدەی هەژدە هەم بۆ لای (ڤولیتر) شاعیری بەرزی پاریس یا ڤولیتر هاتووە بۆتاوەگۆز بۆ لای مەولەوی، بەشێکی تریشیان خەریکی رۆحی ئاژاوە و پەلاماردانی پیاوەکانی مزگەوت بوون یەکێك لەم بەشە (بێکەس فایق) نابێ ئەمیش گەڕابیتەوە بۆ سەدەی هەژدە هەم بۆ لای (رۆبێرت بیرنز) شاعیری (سکاتلند) لە ئەبەر، یا خو ئەو هاتووە بۆ لای بێکەس لە سلێمانی لە گوێژە".

بە بۆچوونی من ئەو هەڵسەنگاندنە

ئەگەر لە پاراگرافی یەکەم و دووهەم دا ڕاست بێ، لە پاراگرافی سێهەم دا تەنیا لایەنێکی شێعریی ئەو سێ شاعیرەی گرتووە و لە باری گشتییەوە مەسەلەکەی هەڵنەسەنگاندووە·

بە بۆچوونی من شێعر و ئەدەبیاتی کوردی لە یەکەم دا بەش کردن دا دەبێتە دوو بەش· یەکەم، ئەدەبیاتی فۆلکلۆری· دووهەم، ئەدەبیاتی نووسراوە· لە بەر ئەوەی مەبەستی ئێمە لێرە دا ئەدەبیاتی نووسراوەیە، پێمان باشە نەزەرێکی کورتی رۆژهەڵات ناسانی کورد ناس لە سەر ئەدەبیاتی فۆلکلۆری بخەینە بەرچاو و بە درێژی باس کردن لە سەر ئەو مەسەلە گرینگە بهێڵینەوە بۆ خاوەن نەزەران·

واسیلی نیکیتین لە کتێبی (کورد و کوردستان) دا وەرگێڕاوی فارسی لاپەڕە ٣٠١ و ٣٠٢ دا لە سەر ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی ئاوا دەنووسێ:

" بە وتەی (ئابوویان لێکۆڵەرەوە و نووسەری ئەرمەنی، شێعرەکانی زمانی خەڵکی ئاسایی (عامیانە) کورد سەرکەوتنی سەیریان وەدەست هێناوە و گەیشتوونەتە پلەی تەواو پێ گەیشتوو، هەر بە وتەی ئەم نووسەرە، کوردەکان هەموو بە ژن و پیاوەوە لە کاتی لە دایك بوونەوە لە خۆوە شاعیرن "·

هەروەها نیکیتین دەڵێ:

"گەڕیدەکان و لێکۆڵەرەوانی زانا بە تێکڕا هاتوونە سەر ئەو باوەڕە کە پلەی پێگەیشتوویی لە سەرەوە بوونی گۆرانییەکانی کوردی دەگەڕێتەوە سەر مەزنایەتیی فەردی و قارەمانیی ئەمگەلە· بە باوەڕی من دەوڵەمەند بوونی شێعری سەر زمانی خەڵکی ئاسایی (عامیانە) کوردی پێوەندی زۆر نزیکی بە لە سەرەوە بوونی کوردانەوە هەیە لە چاو دراوسێکانی واتە تورکە موسوڵمانەکان و ئەرمەنییە مەسیحییەکان، ئەو گەلانە لە بنەڕەت دا بە داب و نەریتی مەزهەبی گەلیی کۆنی خۆیان خەیانەتیان کرد، لە حاڵێکدا کوردەکان وەکوو ئێرانییەکان لەگەڵ ئەوەی بە پارێزگاری لە زمانی خۆیان وەکوو کورد ماونەوە، لە داب و نەریتە مەزهەبییە گەلییەکانی خۆیانیش، تەنانەت ئەو کاتەی کە موسوڵمان بوون نەپچڕانەوە"·

ئێستا کە بە کورتی لە زمانی زانایانی بێگانەوە لە سەر ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی کوردی دواین، پێویستە بێینە سەر ئەدەبیاتی نووسراوە. بە بۆچوونی من پەخشانی کوردی دوو جۆرە، یەکەم داستان و ئەفسانە و حیکایەتی کۆن، دووهەم چیرۆکی هونەریی کوردی· چیرۆکی هونەریی کوردییش دەبێتە دوو دەورە، ڕۆمانتیك و ریئالیزم·

پێش لێکۆڵینەوە لە شێعر و ئەدەبیات پێویستە ئەوە بڵێین هەرچەند کاری هێندی نووسەر و لێکۆڵەرەوە ناچێتە چوارچێوەی شێعر و ئەدەبیاتی رووتەوە، بەڵام لە بەر خزمەتێك کە بە زمان و ئەدەبی کوردی یان کردوە، پێویستە لەم وتارە دا بۆ ڕێزگرتن لەو بەڕێزانە ناویان هەبێ، ئەوانەش بریتین لە: ئەمین زەکی بەگ، جلادت بەدرخان، توفیق وەهبی، شێخ محمدی مەردووخ، حسێنی حوزنی موکریانی، شێخ محمدی خاڵ، مەلا عبدالکریمی مدرس، ڕەفیق حیلمی، قەناتی کوردۆ، ساڵح قەفتان، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، عەلائەددین سجادی و عبدالواحد نووری و لەو دواییانەش دا دوکتور عزالدین مستەفا، دوکتور کەماڵ مەزهەر، دوکتور کەماڵ فواد، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، مەسعوود محمد، هەژار موکریانی، حەمەی مەلا کەریم، چرکس باکایف، جاسمی جەلیل، جەلیلی جەلیل، شوکور مستەفا، جەمال نەبەز، ئەورەحمانی حاجی مارف، عەزیز گەردی، عەزیز شەمزینی، دوکتور ئیحسان فواد، کەماڵ جەلال غەریب، کەریم شارەزا و بورهان قانیع·

پەخشان لە زمانی کوردی دا سێ دەورەی هەیە، یەکەم دەورەی سەرەتایی، دووهەم دەوەری نوێ کردنەوە یان ڕۆمانتیك، سێهەم دەورەی ڕێئالیستی یان واقیعی·

پەخشانی دەورەی یەکەمی کوردی ( فۆلکلۆر ) ئەوەی بە دەست ئێمە گەیشتووە، زۆرکەمن و ئەوەی هەیە زیاتر لە قالب و چوارچێوەی بەیت و حیکایەت و داستان دایە کە دەم بە دەم هاتوون و گەیشتوونە ئەم قۆناغە و هێندێك لەوانە بە هیممەتی ئەدیب و فۆلکۆر نووسان هاتوونە تە سەر کاغەز، ( لەو نێوەدا دەبێ ئیشارەیەك بە محمد تۆفیق وردی بکرێ کە زەحمەتی زۆری لەو بارەوە کێشاوە ) بەلام زۆربەی ئەوانە هەر لە سەر زمانی خەلکن و تا ئێستا بە شێوەی نووسراوە دەر نەهاتوون • پەخشانی کۆنی کوردی پتر باسی ئەوین و ئازایەتی و عیرفان دەکەن و هێندێکیش مەسائیلی کۆمەلایەتییان پێوە دیارە، لە نێو ئەو بەیتانەدا کە باو و بە ناوبانگن ، شتی زۆر جوان و ناسکیان تیدایە کە بەراستی کۆن نابن و وەکوو " ئیلیاد و ئۆدیسەی هۆمێری یونانی" کە تێپەربوونی زەمان کۆنی نەکردوون و ئێستاش لە شاکارەکانی ئەدەبیی جیهان دەژمێردرێن، ئەو بەیتانەش تێپەربوونی زەمان وهاتنەگۆری ئەدەبی تازە کۆنیان ناکا ، هەرچەند هەول و تەقەللا لە رێگەی کۆکردنەوەی ئەو پەخشانە کوردییانە زۆرە، بەلام ئێستاش پێویستە هەولی پتریتان بۆ بدرێ ، بۆ ئەوەی رۆلەی کورد لە ژیانی باوك و باپیرانی خۆیان باشتر شارەزا بن •

دەورەی دووهەم بریتییە لە نوێ کردنەوەی چیرۆك و پەخشانی کوردی کە دەتوانین بەچیرۆکی هونەریی کوردیان ناو بەرین • ئەو شێوە چیرۆك نووسییە پاش تەواو بوونی شەری یەکەمی جیهانی لە کوردستان سەری هەلدا ، ئەوانە مەبەستەکەیان یان لە بەیت و چیرۆکی کۆنی کوردی وەرگرتووە و بەرگی نوێیان بە بەردا کردوە، ویان نووسەرانیان خۆیان خولقاندوویانن ، دیارە شێوەی رۆمانتیکی بە چیرۆکی ئەودەورەوە دیارە، لە نێو ئەو چیر ۆك نوسانە دەتوانین ناوی جمیل صائب ( ١٨٨٧ـ ١٩٥١ ) ئەحمد مختار ( ١٨٩٦ ـ ١٩٣٥ ) پیرەمێرد ( ١٨٦٧ ـ ١٩٥٠ ) و محمد علی کوردی بهێنین •

دوای ئەوانە دەبێ ئیشارەیەك بەو نووسەرانە بکەین کە بە تەئسیر وەرگرتن لە ئەدەبیاتی رۆژئاوا روویان کردە چیرۆك نووسین و نووسراوەکانیان شەقلی تازەکردنەوەی رێئالیستی و ئێحیانەن رێئالیزمی سۆسیالیستییان پێوە دیارە، ئەوانەلەو بوارەدا خزمەتی بەرچاویان بە ئەدەبی کوردی کردوە، هەرچەند تا ئێستا نووسەری وایان تێدا هەل نەکەوتووە کە شان لە شانی نووسەرە گەورەکانی رۆژئاوا بدا ، بەلام بە نیسبەت تازەبوونی ئەو شێوە ئەدەبە لە نێو کورددا ، کاری ئەو نووسەرانە جێی رێز و بەرچاوە•

لە پێش دا دەبێ ئیشارەیەك بەچیرۆك نووسین لە گۆڤاری گەلاوێژدا بکەین ، کە سێ نووسەری بە ناوبانگی ئەو گۆڤارە ئیبراهیم ـ ئەحمد ( بله ) و شاکر فەتاح وعەلائەددین سجادین، ئەوە جگە لە چەندین نووسەری دیکە کە بەرهەمیان کەمترە• ئیبراهیم ئەحمد ( بله ) سەردەستەی ئەو نووسەرانەیە کە سەبکی رێئالیسمیان ئێحیانەن رێئالیزمی سۆسیالیستی لە چیرۆکی کوردی دا هێنایە گۆرێ ولە باری فۆرمیشەوە گۆرانی بە سەر چیرۆك دا هێنا• ئیبراهیم ئەحمد لە چیرۆك نووسین دا هەر ئەو دەورە دەبینێ کە گۆران لە شێعری کوردی دا بینیوی یە، دیارە دەبێ ئەوەش بلێین کە شۆرشی ئۆکتۆبری رووسیە و پەیدا بوونی ئەدەبی رێئالیزمی سۆسیا ـ لیستی بە دەستی توانانی ماکسیم گۆرکی و چەندین نووسەری دیکەی یەکیەتی سۆڤیەت لە سەر چیرۆکی تازەی کوردی بێ تەئسیر نەبووە• چیرۆك نووسەکانی " دەنگی گیتیی تازە" ئەوانەی زیاتر دەوریان بینیوە و چیرۆکیان زیاتر بلاو کردۆتەوە، ئەو نووسەرانەن : حسین حوزنی موکریانی ، دلسوز ( کە روون نیە ناوی موستەعاری چ نووسەرێکە ) ئیحسان مستەفا ، فایق زێوەر ( کە تەنیا چیرۆکیکی بلاو کردۆتەوە، بەلام لایەنی هونەریی ئەو چیروکە بە هێزە ) عەرەبی شەمۆ لەو نووسەرە بەرزانەیە کە بە شێوەی کرمانجیی نووسیوە

و جێگەیەکی گرینگی لە ئەدەبی کوردی دا بۆخۆی تەرخان کردوە، کە دیارە ناوبرا و راستە و خۆ لە ژێر تەئسیری ئەدەبی ریئالیزمی سوسیالیستی دایە٠ دوا ئەو نووسەرانەی سەرەوە حەسەن قزڵجی، محمد مەولوود "مەم"، محرم محمد ئەمین محمد مەحموود قودسی، جەماڵ بابان، مەعرووف بەرزنجی، مەحموود ئەحمد ئازاد، مستەفا ساڵح کەریم، عبدالله میٚدیا، دوکتور رەحیمی سەیفی قازی، حسین عارف، محمد موکری، کامران موکری، رەئوف بێگەرد، شێرزاد حەسەن کاکە مەمبوتانی، ا٠ب٠ هەوری، دوکتور کاوس قەفتان، دوکتور مارف خەزنەدار، ئەمینی میرزا کەریم، محمد رەسووڵ هاوار، ئەحمد محمد ئیسماعیل، عوسمان عوزیری، حەمە رەشید فەتاح، عبدالکریم شێخانی، عبدالله سراج، وگەلێك نووسەری نوێ لەو نووسەرە باشانەن کە چیرۆکی نوێی و بەکەڵکیان پێشکەشی ئەدەبی گەلەکەیان کردوە٠ *

ئێستا کە باسی ئەدەبی رێئالیستی و رێئالیزمی سۆسیالیستی لە چیرۆك دا کرا، وا باشە بۆ چوونی دوکتور عزالدین مستەفا سەبارەت بەم مەسەلەیە لە سەر چیرۆك و شێعر بخەینە بەرچاو٠ ناوبراو لە (ریئالیزم لە ئەدەبی کوردی دا) لاپەرە ٢١٨ دەڵی: ئەم ئەدەبە رێئالیزمییە یەکەم جار بە شێوەی رەخنەگری سەری هەڵ دا کە رەخنەی لە لایەنەکانی دواکەوتوویی ژیانی گەلی کورد دەگرت و بە نیازی هاندانی گەڵ بۆ نەهێشتنیان تیرو توانجی بۆ دەهاویشتن٠ پیرەمیرد و ئەحمد موختار جاف (مەبەستی شێعرەکانیەتی) و زێوەر و مفتی و بێکەس و شاکر فەتاح نوێنەری گەورەی ئەو رێبازە بوون٠ئیبراهیم ئەحمد وکامەران و عەلائەددین سجادی، پەرەیان پێ داوەو مەبەستەکانی ئەو رێبازەیان لە مەبەستی قوتابخانەی رێئالیزمی سۆسیالیستی نزیك کردوتەوە٠ سەلام و هەژار و جگەرخوێن لە ئامانجی شێعرەکانیان دا ئەلقەی بە یەك گەیاندن بوون لە نێوانی رێئالیزمی رەخنەگری و رێئالیزمی سۆسیالیستی دا بەلام رەگ و ریشەی رێئالیزمی سۆسیالیستی لە گەڵ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازیی شۆڕشگێڕی زانستیدا لە کوردستانی عێراق دا بە تایبەتی لە رۆژانی شەڕی گیتی دووهەم و دواییدا، کەوتە نەش ونماکردن نووسینەکانی عبدالواحد نووری (ع٠ و٠ نووری) ـــ (١٩٠٤ـ١٩٤٤) کە بە ئەدیبێکی سیاسیدا دەنرێ، باشترین سەرەتا بوو بۆ ئەدەبی رێئالیزمی سۆسیالیستی٠ دڵزار و دیلان وهەردی، لە دەوری یەکەمی شێعریدا و ع٠ح٠ب٠ و قەدری جان و معروف بەرزنجی و چەندانێکی تر، بە دوای ئەم رێبازەدا رۆیشتن٠ ئینجا بەرەو پێشەوە چوونی ناوەرۆکی شێعری لای گۆران وگواستنەوەی وردە وردە بۆ ریزی رێئالیزمی سۆسیالیستی بە ناوەرۆك و بە شێوەی نوێیش، بوو بە پێشەنگی قوتابخانەکە و بەرزترین لوتکەی پێگەیشتن و پەرەسەندنی!!

ئەدەبی منداڵانیش بە پەخشان و شێعرەوە لە نێو ئەدەبی کوردی دا شتێکی رۆژتازەیە، لە گەڵ ئەوەشتا رادەیەك بە هیممەتی ئەو شاعیر ونووسەرانە، عمر عبدالرحیم، کاکەی فەللاح، ع٠ع شەونم، فەرەیدوون عەلی ئەمین، شوکر مستەفا، طاهر صالح، لەتیف هەڵمەت، جەزا عەلی ئەمین، دایکی سۆلاف، جەماڵ نووری، رەمزی قەزار کوردستانی موکریانی، نژاد ئەحمد شەوقی گەشەی کردوە٠

ماویەتی

---

* بۆ باس لە چیرۆکنووسی دا دووکتێبمان لە بەر دەست دا بووە، ١ـ لێکۆڵینەوە و بێبلیوگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥ـ١٩٦٧ لە نووسینی عومەر مەعرووف بەرزنجی٠
٢ـ چیرۆکی هونەریی کوردی ١٩٢٥ـ١٩٦٠ لە نووسینی حسێن عارف٠

# یادێک لە جوولانەوەی دەرسیم

رەحمان . ن

ئەگەر لاپەڕێک لە مێژوی خوێناوی نەتەوەکەمان هەڵ دەێنەوە، زور ئینسانی نێشتمانپەروەر و قارەمان لە پێناوی ڕزگاری نەتەوەکەمان سەر فرازانە گیانی خوێیان فیدای ئامانجەکانی نەتەوە ژێر دەستەکەمان کردوە، یەکێك لەو گەورە پیاوانە سەید رەزا، ڕێبەری جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کورد لە دەرسیم بووە.

ڕوژی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣١٦ی هەتاوی ڕوژی شەهید بوونی سەید رەزا بە دەستی تورکە کەمالیستەکانە، ئێستا ٥٥ ساڵ لە ڕوژی شەهید بوونی گەورە پیاوی دەرسیمی ڕادەبرێ، یادی سەرداری گەورەی کورد و جووڵانەوەی ژێر چاوەدێری ئەو کە هەزاران ڕوڵەی فیداکار و قارەمانی نەتەوەکەمان لە ڕێگای ئازادی کوردستان گیانی خوێیان بەخت کرد وە، ڕێزیان لێ دەگیرێ.

ناوچەی دەرسیم لە باکوری ڕوژئاوای کوردستانی داگیرکراوی تورکیە هەڵ کەوتووە، و لە بەر ئەوەی ناوچەیەکی شاخاوییە دەولەتی تورکیە زورکەم توانیویەتی دەسەڵاتی خوێ بەسەر ئەو ناوچەیەدا سەپێنی، ئەو ناوچەیە هەموکات شاهیدی ڕاپەڕینی ڕزگاریخوازانەی میللی بووە، سەرکوت وتێك شکانی هەموی ئەو شوڕشانە، هەم بو دەوڵەتی عوسمانی و هەم بوکەماڵیستەکان بە قیمەتیکی گران تەواو بووە، بە تایبەت لە کاتی دەسەڵاتی عوسمانیەکان. ناوچەی دەرسیم وەك ناوچەیەکی نیوە خودموختار مابوەوە، و دەوڵەتی ناوەندی هیچکات نەیتوانیوە بە تەواوی دەسەڵاتی خوێ بەسەر ئەو ناوچەیەدا بسەپێنی.

سوپای حەمیدیە کە لە ساڵی ١٨٩٠ لە لایەن سوڵتان عەبدول حەمیدی عوسمانی لە عەشیرەتە کوردەکان بو سەرکوت و قەلاچوکردنی ئەرمەنیەکان و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و تێكشکانی بزوتنەوەی کورد پێك هاتبوو. خەڵکی دەرسیم نە تەنیا هیچکات نە چوونە ژێر دەسەڵاتی سوپای حەمیدیە، بەڵکو خوێیان لە کێشەی نیوان روس و عوسمانیەکان لە شەری یەکەمی جیهانی و شەربو سەربەخویی کەمالیستەکان پاراست و بێ لایەن مانەوە.

دوای سەرکەوتنی کەماڵیستەکان و هاتنە سەرکاری ڕژیمی تازە لە تورکیە. بزوتنەوەی دەرسیم ئاخرین بزوتنەوەی کورد لە تورکیە بوو کە کەوتە بەر پەلاماری کەماڵیستەکان. بەلام بە هوێ ئەوەی ناوچەی دەرسیم شاخاوی و کوێستانی، و هەروەها خەڵکی دەرسیم زور بەکەمی لە ژێر دەسەڵاتی دەولەتی ناوەندی بوون، و هەر وەك ناوچەیەکی سەربەخو ڕا هاتبوون. حازر نەبوون وا بە ئاسانی ژیانی کویلەتی قەبوڵ بکەن. هەر بویە هێزەکانی تورك نەیانتوانی دەسەلاتی نەگریسی خوێیان بەسەر ئەو ناوچەیە ئازاد کراوەدا بسەپێنن.

ناوچەی دەرسیم بە ڕاستی دەولەتی تورکیەی توشی ئاڵوزی و نیگەرانی کرد بو، هەر بویە مستەفا کەماڵ لە ساڵی ١٩٣٧ لە مەجلیسی گەورەی تورکیە ڕایگەیاند کە مەسەلەی ناوچەی دەرسیم بوتە کوسپێکی گەورە، دەبێ هەر چونێك بێ ڕێگای چارە سەری بو بدوزریتەوە.

لە بەهاری ئەو ساڵەدا هێزەکانی تورکیە بە هەموتوانا هێرشێکی گەورەی هەوایی و حەرزیان

بۆ سەرکوت کردنی جولانەوەی دەرسیم وەکارخست، سەید رەزا کە سەرۆك عەشیرەتی شێخ حسنان و رێبەری جووڵانەوەی دەرسیم بوو، و خەڵکی دەرسیم کە خۆیان شاهیدی کوشتار و سەرکوت کردنی جوولانەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان بوون، چاك دەیانزانی کە ناوچەی دەرسیمیش وەك باقیی ناوچەکانی دیکەی کوردستان قەلاچوو و وێران دەکرێ، هەر بویە چالاکانە و بە شێوەیەکی بی وینە بە رامبەر بە هێرشی هێزەکانی تورکیە راوستان. بەرەنگاری قارەمانەی خەلکی دەرسیم بوبە هوی ئەوەکە کاربەدەستانی تورکیە لە رێگای فیل و داو دانانەوە و دوو بەرەکیی دەسەلاتیی نگریسی خۆیان بەسەر ئاخرین سەنگەری کوردەکان دا سەپێنن، هەر بویەش داوایان لە سەید رەزا کرد کە خولە شەر بەپاریری تا مەسەلەکە لە رێگای ئاشتی و سیاسی چارەسەر بکری، بەلام سەید رەزا کە بەتەواوی ئاگاداری نیەتی گلاوی کارگیرانی دەولەتی تورکیە بوو، ملی بو داواکانی دەولەتی تورکیە شل نەکرد و جوابی نەدانەوە.

کاربەدەستانی دەولەتی تورکیە کە لەو پیلانەش سەرنەکەوتن، ئەوجار بو لە نێو بردنی رێبەران و دووبەرەکی لە نێو جولانەوە دا دەست بە کار بوون، لە یەکەم پیلان "عەلی شێر" کە شاعیر و نوسەر و یەکیك لە چالاکترین رێبەرانی بزوتنەوە بوو، بە دەست خوفروشیك بە نێوی "ریبەر" کە برازای سەید رەزا بوو شەهید کرا، سەید رەزا و چەند کەس لە خزمانی خۆی و پێنج کەس لە سەرۆك عەشیرەتەکانی دەرسیمی بە هۆی پیلانیك کە هەتا ئێستا رون نیە بە دیل گیران و لە رۆژی ٢٧ی خەزلوەری ١٣١٦ لە سیدارە دەران.

لەکاتی دادگا دا کارگیرانی تورکیە هەولیان دا سەید رەزا بە پیاوی بێگانە بەتایبەت پیاوی سۆڤیەت بناسینن، بەلام سەید رەزا بە توندی بە رامبەر ئەو بوختانە راوەستا و گوتی: من لە بنەمالیك پەروردە کراوم کە قەت گوێی نەداوەتە قسەی بێگانە، بنەمالەی من چەندین سەدەیە لە پێناوی ئامانجی نیشتمانپەروەری و رزگاری نەتەوەی کورد خەبات دەکا، بەلام بەداخەوە هەتا ئێستا ئەو خەباتە بە ئامانجی پیروزی خوی نەگەیشتووە. سەیدرەزا لە ژێر پەتی سیدارە گوتی: من لە تەمەنی ٧٥ سالە دا دەچمە رێزی کاروانی شەهیدانی کوردستان. خەباتی خەلکی دەرسیم شکا، بەلام کورد و کوردستان هەر دەمێنن، لاوانی کورد چاك دەزانن چۆن تولەی خوێنی ئێمە لە داگیرکەرانی کوردستان بستێننەوە.

پاش لە سیدارەدانی سەید رەزا جولانەوەی خەلکی دەرسیم بەرە بەرە تووشی کزی و نەمان دەچوو هەتا هاوینی سالی ١٣١٧ هێزەکانی تورکیە بە تەواوی دەسەلاتی خۆیان بەسەر ناوچەی دەرسیم دا سەپاند سەرکوت کردنی خەلك لە لایەن تورکەکانەوە دەست پێ کرا.

شەری دەرسیم یەکێك لە خوێناوی ترین شەرەکانی مێژوی جولانەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد بوو، لە جولانەوەی دەرسیم دا زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس لە شۆرشگێران و خەلکی بێ دیفاع بە دەست هێزەکانی تورکیە شەهید کران. کەمالیستەکان بە مندالی شیرخور رەحمیان نەکرد و بە سەرنێزە زگیان دەدرین، هەزاران کەس لە خەلکی بی دیفاعیان لە دول و چیاکان کۆکردەوە و بە زیندویی ئاگریان تێ بەردان، تەواوی لێرەوارەکان پە ناگای خەلکیان سوتاند، زیاتر لە پێنج سەد ژن و کیژی لاوی کورد بۆ ئەوەی نەکەونە دەست تورکەکان لە چەمی "مونزور" دا خۆیان خنکاند.

ئێستا کە پەنجا پێنج سال لە شەهید بوونی رێبەری جولانەوەی خەلکی دەرسیم تێ دەپەری قسەکانی ئەو گەورە پیاوەی کورد بە ئامانج گەیشتەوە، چونکە هەر ئێستا لە سەرتاسەری کوردستانی داگیرکراو دا، سەرەرای زەبروزەنگ و توند و تیژی، وسیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەکەمان لە تورکیە، رولە شۆرشگێرەکانی گەلی کورد لە پێناوی وەدەست هێنانی مافەرەواکان و ئامانجی شەهیدان هەروا بەردەوامەن

بو لایەری ٣١

# نەتەوەکەمان بناسین

م. شەلماشی

لەم بەشە لە وتارە کەماندا، ئاورێك وەسەرقوناغی تازەی جوولانەوەی گەلی کورد لە کوردستان ئێران (باکوری رۆژهەلاتی کوردستان) دەدەنیەوە. بە تایبەت بە هێزبوونی جوولانەوە لە سەردەمی پاش شۆرشی ئێران لە سالی ١٩٧٩دا جێگای سەرنج دانێکی تایبەتیە. هەرچەند بۆ ئەوەی بەباشی پەرەگرتنی ئەو جوولانەوە دەرك بکەین، پیویستە بە درێژی باسی خەباتی کادرو ئەندام و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەین لە دوای کۆماری خودموختاری کوردستانەوە.

بەلە نیوچوونی کۆماری کوردستان وشەهید کرانی رێبەرانی حیزب، تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات زۆر لاوازبو، بەلام لەنیونەچو. کادرو ئەندامەکانی بە نەهێنی دەستیان بە کارکردەوەو دلسۆزانە رێبازی شەهیدەکانیان درێژەدا، مەسەلەیەکی زۆر سەرنج راکێش لە زیندو بونەوەی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات دا، نەخشی یەکیەتی لاوانی دیموکرات بووە. لێرەدا گرنگی پێگەیاندنی لاوان بۆ بەرێوە بردنی داهاتوی هەرجوولانەوەیەك بەزیندویی دەردەکەوێ. لە سەردەمی ژیانی کورت، بەلام پر بەهرەی کۆماری خودموختاردا گەلێك کار بۆ لاوان کران. یەکیەتی لاوان دامەزرا، گۆڤارو رۆژنامەی لاوان دەرچون، مەدرەسەی کوردی دانران وگەلێك لاوی کورد بۆ درێژەدانی خوێندن نێردرانەوەلاتانی دەرەوە. ئەم کارانە بناغەی پێك هێنانی کەرەسەی تەشکیلاتی داهاتوی حیزبی رێبەری جولانەویان دارشت. هیچکام لەو لاوانە نەبون کە لە سالەکانی داهاتودا بە جۆرێك، لە جۆرەکان نەخشی سیاسیان نەبی، کاتێك ئینسان لە هەرەتی لاوی دا بۆ رێبازێك پەروەردە دەکرێ، بۆماوەیەکی دوورو درێژموری ئەو رێبازەیان پێوە دەمێنێ و لە هەر دەرفەتێك بۆ خزمەت بەو رێبازەکەلك وەردەگرێ. تەنیا خالی لاوازی ئەو لاوانە ئەوە بوکە خۆراکی سیاسیان لە دەرەوەی کوردستانەوە پێ دەگەیی کە دوایەش هێندێك گیروگرفتی بۆ خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد هێنایە پێش. دواتر باسی ئەو خالە گرنگە دەکەین.

تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەرلە سالەکانی دوای کۆمارەوە دەستی بەکارکردەوە. لە زەمانی ئال وگۆرە سیاسیەکانی ناوەندی ئێران دا، بەتایبەت لە سەردەمی دوکتور موسەددیق دا بەچالاکی هاتەوە مەیدان.

دیارە دەبێ ئەوەمان لە بەرچاوبێ کە هەلی زیندو بونەوەی جوولانەوە لەکوردستان دا پەیوەندی هەبو، بە وەزعی گشتی ئێرانەوە. ئێران لەو سەردەمەدا بە قۆناغی بێسەباتی سیاسی داتێپەری دەکرد. هەرلە سالی ١٣٢٠ واتە ١٩٤١ەوە دەسەلاتی حکومەتی رەزا شایی لەق ببو. ئەولەق بوونە تا سالی ١٣٥٣ و رووداني کودتیای ٢٨ی مورداد درێژەی هەبو، هەرچەند ئەو قوناغە دوازدە سالەییە بە دوو دەورەی جیاواز دا بەش دەکرێ. واتە دەورەی یەکەم لە ١٩٤١ کەوە هەتا رووخانی حکومەتەکانی ئازەربایجان وکوردستان ودەورەی دووەم لەو رۆژەوە تا کودتیای ٢٨ی مورداد (گەلاویژ) لە وتارەکانی پیشودا بە کورتی باسی دەورەی یەکەمی ئەم قۆناغە کراوە، جگە لەوە باسی ئەمجارەشمان زۆرتر پەیوەندی بە دەورەی دووەمەوە هەیە، بۆیە تەنیا ئیشارە بە دەورەی دووەمی ئەو قۆناغە دەکەین وهەلومەرجی گشتی ئەو سەردەمی ئێران بەکورتی هەلدەسەنگێنین.

بەکۆتایی هاتنی شەری جیهانی دووەم و پێك هاتنی ئیمکان بۆ بەکارهێنانی ئێران وەك بازارێکی باش بۆ وەلاتانی سنعەتی، لەنیوچونی سەددی گومرگی، هاتنە خوارەوەی نرخی بەرهەمە

کشتوکاڵیەکان وگورینەوەی بورس لەنێوان ئێران و وەڵاتانی دەرەوە دا، ئاڵ وگۆڕیکی زۆر بەسەر ئێران دا هات. بازاڕیەکان کە بە کەڵك وەرگرتنی لەو هەڵ ومەرجە لەبارەی سەردەمی شەڕ بۆیان پێك هاتبو، سەرمایەیەکی زۆریان پێکەوەنابو، پێویستیان بەوە هەبو کە ئەو سەرمایە زۆرە وە جوولە خەن وگەشەی پێ بدەن.

بەو مەبەستە لە لایەك بەشێوەیەکی بێ نەزم کالایەکی زۆری بێگانەیان ڕشتە بازاڕەکانی ئێرانەوە، کە تەنیا یارمەتی دەکرد بە مەسرەفی بوونی وەڵات ولە لایەکی ترەوە سنعەتی ووردەی کالا مەسرەفیەکانیان پەرەپێدا. ئەنجامی ئەم جۆرە سەرمایە دانانە، توندو تیژتر بوونی قەیرانی ئابوری وسیاسی لە ئێران دا بو. چونکە ئێران زۆرتر دەبو بە وەڵاتێکی مەسرەفی بەستراوە بە وەڵاتانی سنعەتیەوە. بەتایبەت ئورووپاوئامریکا. هۆیەکی ئەوەبو کە سنعەتی ووردەڵەی ئێران نەی دەتوانی رەقابەت لەگەڵ وەڵاتە پێشکەوتووەکان بکا. ئەو ووردە شتەی دروست دەکرا هەر دەبو لە بازاری نێو خۆیی دا بتۆیتەوە. جگە لەوە بۆ بچووکترین وەسیلەی تکنیکی دەبو دەستە ودامێنی وەڵاتانی سنعەتی بێ. دەوڵەت، کە دەوڵەتێکی بەستراوە بە بێگانە بو نە ئەو دەسەڵاتەی هەبوونە دەیتوانی رێگایەکی ئوسولی بەرەو پێش چون بگرێتە بەر. سەرمایەکانی ئێران کە زۆرتر برتیی بون لە کەرەسەی خاو بەتایبەت نەوت بە نرخێکی زۆر هەرزان دەکەوتنە دەست مونۆپۆلەکانی بێگانە و تەنانەت لەبەرامبەر دا تەنیا هێندێك کالای مەسرەفی بێ نرخ دەستگەلانی ئێران دەکەوت.

بەم جۆرە ئابوری ئێران هەرچەند لە شێوەیەکەوە بەرەو شێوەیەکی دیکە دەگۆڕاو ڕەنگە لە باری گەشە کردنی کۆمەلایەتیەوە بە هەنگاوێکی بەرەو پێش لە قەڵەم بدری، چونکە لە قۆناغی دەرەبەگایەتی تێپەڕدە بوو هەنگاوی دەنایە قۆناغی ئابوری سەرمایەداریەوە، بەڵام لەباری پێشکەوتنی ئابوریەوە تووشی قەیرانێکی تەواو ببو.

جگە لە گیروگرفتی ئابوری، ئێران لە باری سیاسی وکۆمەلایەتیشەوە لە دەورانی قەیران دابو. مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران نەك تەنیا چارەسەر نەکرابو، بەلکو تازە بەشێویەکی زۆر دڕندانە و بە هاوکاری بێگانە سەرکوت کرابو. هێزی دەسەڵات دار لە ناوەندی دەولەت دا کێشەی لە نێوان دا بو. بورژوازی بوروکراتیك، بەتایبەت بەشە نیزامیەکەی، بەهاوکاری بێگانە توانیبوی شورشی نەتەوەکانی کورد و ئازەری تێك بشکێنی و هێندێك پاشەکشە بە هێزە دیموکراتیەکان بکا، بەڵام بە هۆی گیروگیرفتی زۆری ئابوری و سیاسیەوە نەی توانیبو بە تەواوی ئەوهێزانە لە مەیدان وەدەرنێ. دەرباری شا بۆ جارێکی تر ببو بە ناوەندی هێز لە ئێران دا، بەڵام ڕەقیبێکی بە هێزی نیزامی بۆ پەیدا ببو بە سەرۆکایەتی "رەزم ئارا" کە هەرچەندبە ڕواڵەت بۆ زیندوکردنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی هەولی دەدا، لە ڕاستی دا خەریك بوو بۆ خۆی ببێتە مەترسیەك لە سەر ئەو ریژیمە. شا تەنیا کاتێك توانی نەفەسێکی ڕاحەت بکێشی کە خەبەری تیرۆر کردنی "رەزم ئارا" ی بیست. جگە لە مەسەلەکانی نێو خۆیی، ئیمپریالیستەکانی ئینگلیزو ئامریکاش لە سەر وەدەست گرتنی ئیمکاناتەکانی ئێران کێ بەرکێیەکی گەورەیان لە نێوان دابو.

جگە لە مانەش بەشێك لە بورژوازی، وردە بورژوازی شاری، کارمەندەکانی خوارەوەی دەولەت و زەحمەتکێشانی شارو دێ بەگشتی دژی ڕێژیمی پاشایەتی بون. هەموی ئەوانە ببونە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی حاکم نەتوانێ بە یەکگرتویی دژی هێزەکانی ئوپوزیسیون ڕاوەستێ وئیمکانی چالاکیان لێ وەرگرێتەوە. لەو سەروبەندە دا هێزەکانی چەپ، بورژوازی میللی لە ریزەکانی جەبهەی میللی دا هێزی نەتەوە ژێردەستەکان دیسان هێندێك سەریان هەڵدایەوەو چالاك بوون. لەم چوارچێوەیە دا پاشماوەکانی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات و بە تایبەت لایەنگرو ئەندامە لاوەکانی چالاك بونەوە. بڵاوکردنەوەی چەند

ژمارە یەك لە رۆژنامەی کوردستان و هێندێك بەیان و بڵاوکراوەی دیکە بەشێك لە و چالاکیانە بون. تەنانەت ئاخرین چالاکی کومەلایەتی ئەو سەردەمی ریکخراوەکانی حیزب زور بەرچاو بوو. ڕێکخستنی ڕاپەرینی جوتیاران لە ناوچەکانی بۆکان، بەشێك لە میاندواو مەهاباد یەکێك لە کارە بەربڵاوەکانی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات بو. ئەو ڕاپەرینە کە لە دژی دەرەبەگە خوێن مژەکان و دەست و پێوەندەکانی دەوڵەت پێك هاتبو، بە هاوکاری ئاشکرای کاربەدەستانی دەوڵەت لە ناوچە، لە خوێن دا گەوزا. بەڵام خەباتی پێشوی زەحمەتکێشانی کوردستانی بەدا هاتووەوە گریٚ دا. دەکریٚ وەك ئاڵقەیەکی پەیوەندی لە نیٚوان خەباتی زەحمەتکێشانی کوردستان لە سەردەمی کۆماری خودموختاری کوردستان و سەردەمی جولانەوەی چەکداری ساڵەکانی ١٣٤٦ــ١٣٤٧ (١٩٦٧ــ١٩٦٨) چاو لێ بکری.

